# ژینگەی خێزانی؛ پەیوەندی بە لێبوردەیی کۆمەڵایەتی لەلای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە

**ئالان صلاح سعدی [١]، عباس شریف احمد [٢]**

[١، ٢] بەشی پەروەردە و دەروونزانی، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتی بوو لە زانینی ژینگەی خێزانی پەیوەندی بە لێبوردەیی کۆمەڵایەتی لەلای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە، بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز)، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر میتۆدی (وەسفی) بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە خوێندکارانی زانکۆی کۆیە دەوامی بەیانیان، کە کۆی گشتی (٤٣٩١) خوێندکار بوون، نمونەی توێژینەوەکەش پێکهاتووە لە ( ٣٤٤) خوێندکار لە هەردوو ڕەگەزی نێر ومێدا بەشداربوون، بۆ پێوانەکردنی ژینگەی خێزانی و لێبوردەیی کۆمەڵایەتی، توێژەر گەڕایەوە بۆ توێژینەوەکانی پێشوتر کە پەیوەستە بەم بابەتەوە بۆ سود وەرگرتن لێیان، دیاریکردنی پێوەرێك کە پێکهاتبوو لە ( ٢١) بڕگە کە هەر بڕگەیەکیش (٥) هەڵبژاردەی هەبوو، بە مەبەستی شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە سودمان لە هەگبەی ئاماریی( SPSS )و مۆدیلسازی(Structural Equation Modeling) لە نێو پرۆگرامی ( AMOS ) وەرگرتووە، ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریانخست کە ژینگەی خێزانی وەکو پاکێجێك کە لە سێ ڕەهەندی ڕۆشنبیری و ئابوری و سۆزداری پێکهاتووە، کاریگەریی بەڵگەداری ئاماریی بەبڕی (٠,٦٢٧) لادانی پێوەری لەسەر لێبوردەیی کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام ئەگەر ڕەهەندەکانی بە جیا وەکو گۆڕاوێکی سەربەخۆ وەربگیرێت ئەوە تەنها ژینگەی سۆزداری (٠,٢١٥) لادانی پێوەری کاریگەریی هەیە، لەم کاریگەریانەدا جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێرو مێ دا بەدینەکرا، لێرەوە لە ئەنجامدا دەرکەوت کە لە ژینگەی خێزانیدا پێویستە هەر سێ ڕەهەندەکە لە بارێت بۆ ئەوەی کاریگەریی زۆرتری لەسەر لێبوردەیی کۆمەڵایەتی هەبێت، لە کۆتایدا لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکاندا توێژەران کۆمەڵێک ڕاسپاردە و پێشنیازیان خستەروو.

**وشە سەرەکییەکان:** ژینگەی خێزان، لێبوردەیی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، خوێندکارانی زانکۆ.

## ١. پێشەکی

ژینگەی خێزانی تەنها بریتی نییە لەو خانووەی کە خێزانێک پێکەوە تیایدا دەژین، هەروەها بریتی نییە لە تەنها ژورەکانی ئەو خانووە و کەل و پەلەکانی ناو ژورەکان و حەوشە و سەربان و باخ و بەرهەیوان، بەڵکو ژینگەی خێزانی، واتە دەیان ژینگەی بەناو یەکداچوو، ئەم هەموو ژینگانە هەموویان پێکەوە کار لە یەکتری دەکەن، هاوکات کار دەکەنە سەر یەک بەیەکی تاکەکانی خێزان، هەروەها یەک بە یەکی تاکەکانی خێزانیش لەنێوان خۆیاندا کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە، ژینگەی خێزانیش واتا چەپکەیەک لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی پێکەوە بەستراو، خێزانیش بەوە جیا دەکرێتەوە کە هەموو ڕێساکانی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی بەسەر تاکەکاندا پیادە دەکات، ئەو کۆنترۆڵکردنەش لە ڕێگای پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت، کە خێزان بۆ تاکەکانی دابین دەکات، لە هەمان کاتدا هەڵدەستێت بە پەیرەوکردنی ڕێسا باشەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی تاکەکان بتوانن سیفەتی ڕاستگۆی و لێبوردەی و دڵسۆزی وەربگرن، بە پێچەوانەوە بۆ ئەوەی ڕێسا هەڵەکانی کە کۆمەڵگا پێیڕازی نییە وەری نەگرن.

بۆیە کۆمەڵگە سەرچاوەی بەهاکانی فرە چەشنەو جۆراوجۆرن، کاریگەریی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو خێزان، خوێندنگا، ڕاگەیاندنی لەسەرە، کاتێک باس لە بەهای کۆمەڵایەتی ژیانی مرۆڤدا دەکەین، لە چەندین چەمکی جیاوازدا خۆیان

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٦، ژمارە ٢ (٢٠٢٣)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٦ ئایار ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ٢٠ حوزەیران ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٢ ئازار ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: alan.salah@koyauniversity.org ، abas.sharif@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٣ **ئالان صلاح سعدی، عباس شریف احمد**،
گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی ..0CC BY-NC-ND 4 -

Original Article |**DOI**: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp252-264

بەرجەستە دەکەن، کە هەر یەک لەوانە بە شێوەیەک کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی لە ژیانی مرۆڤەکاندا دەبێت ، کە بریتین لە: ڕێزگرتن، خۆشەویستی، دادپەروەری، قبوڵکردنی جیاوازییەکان، بەرپرسیارێتی، دیالۆگ، گوێگرتن، هاوکاری، کاری بەکۆمەڵ، لێبوردەیی، ڕاستگۆیی و ئاشتی .

لێبوردەیی کۆمەڵایەتی لە ژیانی تاک و کۆمەڵگەکاندا گرنگییەکی زۆر و کاریگەریان هەیە؛ بەشێوەیەک بوونی لێبوردەیی بەگشتی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پێوەر و ئاماژەیەکی گرنگە بۆ گەشەسەندویی کۆمەڵ و تێگەیشتن و ڕۆڵی مرۆڤەکان لە ژیاندا؛ بەو واتەیەی لە نێوەندی بەهاکاندا هەمیشە شتێک هەیە لە ڕوی بەکارهێنانەوە باشترە لەوی تر، بۆ نمونە: بەکارهێنانی وشەی "خۆشەویستی"، باشترە لە "ڕق و کینە"؛ "ئازادی"، باشترە لە "کۆیلایەتی"؛ "ڕاستگۆیی"، باشترە لە "دووڕویی"؛ "ئاشتی"، باشترە لە "جەنگ"؛ "بەهێزی"، باشترە لە "لاوازی" و، "ململانێ"، باشترە لە "تەسلیمبوون"؛ بە شێوەیەک لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا، بەهاکان کۆمەڵە پێوەرێک پێکدەهێنن کە ئاڕاستەی ڕەفتاری مرۆڤەکان دەکەن بەرەو بڕیاردان.

## کێشەی توێژینەوەکە:

خێزان بچوکترین و سەرەکیترین پێکهاتەیە لە بونیادی کۆمەڵگە، دەورێکی کارای لە گەشەکردن و بەردەوام بوونی ئەو پێکهاتەییە هەیە، لە هەڵومەرجی ئێستای کۆمەڵگادا بە هۆی گۆرانکاریە کۆمەڵایەتییە خێراکان، ژینگەی خێزان بە کۆمەڵێك ڕەوشی ناسقامگیری ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی و کەلتوری تێپەردەبێت، کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکاندا داناوە، بە تایبەتەی لە کۆمەڵگەیەکی فرەکەلتوردا، کە بۆتە هۆی سەرهەڵدان و نەبوونی لێبوردەیی کۆمەڵایەتی لە نێوان بیروباوەڕ و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە، ئەمەش وای کردووە کە دیاردەی خۆپەرست و توندڕەوی بێزیزی سەرهەڵبدات، دور لە هەموو کەلتور و بەهاو لێبوردەیی و لێخۆشبوون، ئەمەش کێشەیەکی دەرونی و کۆمەڵایەتییە، بۆ دروستبوونی ڕق و قینەو پشێوی نێوان تاکەکان، کە هۆکارەکەی بۆ جیاوازی لە شێوازی پەروەردەکردنی تاکەکانی ژینگەی خێزان دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەگەر شیرازەی خێزان تێکبچێت ئەوا باڵدەکێشێت بۆ تێکچونی بارودۆخی کۆمەڵگەش، لەبەر ئەو هۆکارانە لێبوردەیی کۆمەڵایەتی هەنگاوێکی گرنگە لە گەڕانەوەی متانە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پچراوەکانی تاکەکان، چونکە پەیرەوکردنی لێبوردەیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر جگە لە ئاسودەیی هیچ زیانێکی تری نییە. بە تایبەتی لە نێو چینی خوێندکاران لە زانکۆ، کە هەریەکە لە ژینگەیەکی خێزانی جیاوازادا پەروەردەکراوە، هەربۆیە ئەمانەو چەندین کێشەو هۆکاری تر بونەتە هۆی ئەوەی کە توێژەران درك بەو دیاردە و گیروگرفتە بکەن، بۆیە گرفتی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەوەی؛ ئایا ژینگەی خێزان پەیوەندی بە لێبوردەیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکاران چییە؟

## گرنگی توێژینەوەکە:

**١.** زانا و بیریاران هەر لە کۆنەوە هەتا ئەمڕۆ گرنگییان بە توێژینەوەی کاروباری خێزان داوە، ئەمیش بە هۆی گرنگی ئەو ڕۆڵەی کە خێزان لە ژیانی تاکەکەسان و گروپە مرۆییەکاندا دەیگێڕێت، هەندێك توێژەری بیرمەند (بە تایبەتی هاوچەرخەکان پێیانوایە توند و تۆڵی کۆمەڵ و هێمنی ئەم دامەزراوە پەیوەندییەکی بەهێزو پتەوی بە توندوتۆڵی خێزان و تاکەکانیەوە هەیە (بۆکانی، ٢٠٠٢:١٠).

٢. گرنگی خێزان لەمەدایە کە بە گرنگترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگە دادەنرێت، تیایدا مرۆڤ لە بونەوەرەکی بایلۆژیەوە دەگۆڕێت بۆ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە، کە ئەرکەکانی پەروەردەی جەستەو تەندروستی و ژیری و ئابوری دەگرێتە ئەستۆ .

٣. گرنگی لێبوردەیی کۆمەڵایەتی، یارمەتیدانی تاکەکانە بۆ پەرەپێدانی تواناکانیان بۆ بڕیاردانی سەربەخۆ و هاندانی بیرکردنەوە بۆ گەیشتن بە سەقامگیری کۆمەڵایەتی، کە وێنەی کارە چاکەکانی وەک دڵسۆزیی، ڕاستگۆیی، دادپەروەریی، خێرخوازیی، خۆنەویستیی، هاوکاریی، لێبوردن، خۆشەویستیی و هاوئاهەنگی نێوان تاکەکانی خێزان و کۆمەڵگە بەرهەم دەهێنێت، خەڵکی ئەمڕۆ زیاتر پێویستیان بە لێبوردەیی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی ئەرێنی لە نێوان مرۆڤەکاندا هەیە وەك لە ڕابوردودا، چونکە نزیکبوونەوەی نێوان کەلتورەکان و کارلێککردن ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت لە نێوان شارستانیەتەکان لە سایەی شۆڕشی تەکنەلۆژی و زانیاری و پەیوەندییەکان کە هەموو بەربەستەکانی لابردووە لە نێوان نەتەوەکان.

٤. سەبارەت بەگرنگی لایەنی تیۆری ئەم توێژینەوەیە، کە بریتییە لەوەی توێژینەوەکە لەسەر توێژێکی گرنگی تایبەتی کۆمەڵگا ئەنجامدرایە ئەوانیش توێژی خوێندکارانی زانکۆیە، چونکە چینێکی گرنگ و پێویستن لە کۆمەڵگەدا و بە بناغەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە دادەنرێن.

## ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

١. زانینی ئاستی ژینگەی خێزان و لێبوردەیی کۆمەڵایەتی لەلای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە .

٢. زانینی ئاستی ژینگەی خێزان و لێبوردەیی کۆمەڵایەتی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز.

٣. دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ژینگەی خێزان و لێبوردەیی کۆمەڵایەتی.

سنوری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە خوێندکارانی زانکۆی کۆیە دەگرێتەوە لەهەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ)، بۆ ساڵی خوێندنی.(2023-2022)

## پێناسەکردنی زاراوەکان:

١. ژینگەی خێزان ( Family Environment ): زانا ئۆگست کۆنت(١٧٩٨-١٨٥٧) خێزانی وەکو یەکەمین شانەی جەستەی کۆمەڵگە ناساندووە و دەڵێت؛ یەکەم شوێن و خانی دەستپێکە بۆ گەشەسەندن، ئەو نێوەندە کۆمەڵایەتییە سروشتییەیە کە تاکی تێدا دروست دەبێت، چونکە هەر لە خێزانەوە، خێزانی تازە دروست دەبێت و بەردەوامی بە کۆمەڵگە دەدات، هەر ئەمەشە وایکردووە خێزان لە هەموو دامەزراوەکان و کۆمەڵەکانی تری کۆمەڵگە گرنگتر بێت و یەکەم کۆمەڵە ودامەزراوەیشە بۆ تاک، هەر لەوێشدا کەسایەتیی تاکەکان دروست دەبێت(عبدالعاطی،٢٠٠٢: ٧).

کەواتە ژینگەی خێزان بریتییە لە کۆمەڵێك پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان، خۆی دەبینێتەوە لە سروشتی پەیوەندییە باوەکان و شێوازی تێرکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە نێوانیان ڕوودەدات و کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری هەریەکێکیان و چۆنیەتی خۆگونجانی دەرونددروستیان(

عثمان، ٢٠٠٢: ٥١).

**پێناسەی ڕێککاری بۆ ژینگەی خێزانی:** بریتییە لە کۆی ئەو نمرانەی کە ئەندامانی نمونەی(سامپڵی) توێژینەوەکە بە دەستی دەهێنن دوای وەڵام دانەوەیان بۆ بڕگەکانی پێوانەی ژینگەی خێزانی کە توێژەر لەم توێژینەوەیدا بەکاریهێناوە.

## ٢. لێبوردەیی کۆمەڵایەتی :(Social Tolerance)

پێناسەی ڕوکیش(1988-1918) (Rokeach)، لێبوردەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە بەهایەکی ڕەوشتیی کە شێوازو بیرکردنەوە و ڕەفتارو ئاراستەکانی تاك ڕێکدەخات، لە هەندێك دۆخدا دەردەکەوێت، کە پێویستی بە ئامادەییە بۆ ئەوەی دیدی جیاواز قبوڵبکات کە خۆی دەبینێتەوە لە جیاوازی ڕەفتار و ڕاو پێگەی کۆمەڵایەتی و ئاینی و بەهای ڕەوشتی .(Rokeach,1960 :32)

تایلور، گالیموند (Taylor.D & Galmond) پێیوایە لێبوردەیی کۆمەڵایەتی؛ بریتییە لە ڕێزوپێزانین و قبوڵکردنی ئەو کەسانەی لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە لە ئێمە جیاوازن، یاخود ڕێزگرتن لە بیروبۆچونەکان و بەیەك چاوسەیرکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی لە هەمان چینیی کۆمەڵایەتی ئێمەدان، ئەمەش مانای پێکەوەژیانێکی ئاشتیانە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا (Taylor.D & Galmond ،1978: 23-24).

**پێناسەی ڕێککاری بۆ لێبوردەیی کۆمەڵایەتی:** بریتییە لەو نمرەیەی خوێندکاران بەدەستی دەهێنن دوای وەڵامدانەوەیان بۆ پێوانەی لێبوردەیی کۆمەڵایەتی، کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەکاری دەهێنێت.

## چوارچێوەی تیۆری:

### یەکەم: ژینگەی خێزانی

هەندێك تێڕوانین و ڕونکردنەوەی تیۆری لەسەر ژینگەی خێزان، سەبارەت بەو تیۆرە کۆمەڵایەتییانەی کە جێگای سەرنج ڕاکێشان و بایەخ پێدانی زانا (جۆرج هربرت مید) (١٨٦٣-١٩٣١) بوو، پێوایە خێزان وەکو یەکەو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەرکی گرنگی لەسەر شانە، پێویستە جێبەجێیان بکات، ئەم ئەرکانەش بەپێی کۆمەڵگاکان و لەیەك کۆمەڵگەشدا بەپێی قۆناغەکانی گەشەکردن و پەرەسەندی تارادەیەك گۆڕانیان بەسەردادێت، بەڵام گرنگترین ئەو ئەرکانەی خێزان بە شێوەیەکی گشتی بریتین لە تێرکردنی غەریزەی سێکسی و دەرونی و هاوکاری ئابوری و وەچەخستنەوە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵەکان و پەروەردەکردنیان بەپێی خواست و ویستی کۆمەڵگەکە، یان کەلتوری باوی کۆمەڵگە(المزين،٢٠٠٩: ١٠٤). دیارە ئەم پرۆسەیەش دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێك هۆکارەوە، وەکو جۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان ژن و مێردەکە و ئاراستەکانی بیرکردنەوەی باوان بەرامبەر منداڵەکان و کاریگەریی خوشك و برا و خێزانی هەردوولا و ڕیزبەندیی منداڵەکان و قەبارەی خێزانەکە بە گشتی و ئاستی هۆشیاری دایك وباوك و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابوریی خێزانەکە (عمر،٢٠٠١: ٨٤). بۆیە ئەو فۆرمە گشتییەی کە بە خێزان ناودەبرێت، هەموو بوارەکانی ژیانی خێزان دەگرێتەوە لە شێوازی مامەڵەکردنی دایك و باوك، شێوازی تێرکردنی پێداویستییە سەرەتایی و لاوەکی و دابەشکردنی ڕۆڵ و بەرپرسیارەتی تاکەکانی خێزان، جگە لەوەش ژینگەی خێزانی دەستنیشانی پەیوەندییەکانی ناو ئەندامانی خێزان دەکات (عمر،١٩٩٤: ٧.)(

لە گرنگترین ڕەهەندەکانی ژینگەی خێزانیی کە توێژەر لە پێوانەی توێژینەوەکەی بەکاری هێناوە بریتیین لە:

### ١-ژینگەی ڕۆشنبیری و پەروەردەی خێزان:

منداڵ کە تازە لە دایك دەبێ و لە بارێکی تەواو بێ تواناییدایە، ئەوەش بە پێچەوانەوەی بێچووە مەیمونی وەك بابۆن و نسانیس، چونکە بە چکەی مرۆڤ ساڵانێکی زۆر ناتوانێ پشت بە خۆی ببەستێ و پێویستی بە چاودێری و گرنگیدانی گەورەکانە (محمد، ٢٠١٢: ٥٦).

خێزان یەکەمین دامەزراوەی پەروەردەییە کە مرۆڤ هەر بە هەڵهێنانی چاوی بەڕوی ژیانی تێکەڵی دەبێت، ئەو ئامێرەیە کە لە ناخی منداڵدا کەسێتی دروست دەکات وەك تاکێکی کۆمەڵایەتی (عثمان، ٢٠٠٢: ٧٠). ژینگەی خێزانیش ئەو ناوەندەیە کە تاکە کەس ئەو تێربوونە سروشتیی و کۆمەڵایەتییانەی کە کۆمەڵگا بڕیاری لەسەرداوە بەدەست دەهێنێت، ئەویش لە پێناو مانەوەی جۆری کۆمەڵایەتی و تێربوونە هاوسۆزییەکانی نێوان دایك و باوك و منداڵەکان (غدنز، ٢٠٠٥: ١٣٧). ژینگەی ڕۆشنبیری تێکڕای داب و نەریت و بەهاکان و چەشنەکانی ڕەفتار دەگرێتەوە, کە تاکەکەس لە ناویاندا پێ دەگات و گەشە دەکات، ئەم میراتیەش لە نەوەکانی پێشترەوە نەوە لە دوای نەوە کەڵەکە دەبێت و دەگوێزرێتەوە بۆ نەوەی نوێ، لە ویژدانیاندا دەچسپێ و ڕەگدادەکوتێ و دەبێتە بەشێك لە کەسێتی کۆمەڵایەتی تاکەکەس و ڕۆڵێکی مەزن لە کردەوە و چەشنەکانی ڕەفتاری کەسەکە لە نێو کۆمەڵگەدا دەگێڕێت. ئینجا بە هۆی جیاوازی نێوان ڕۆشبیری کۆمەڵەکانەوە، جیاوازیش لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گروپەکاندا دەردەکەوێت (عثمان، ٢٠٠٢: ٦٥).

خێزان یەکێکە لە دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی, بەڵام لە هەموو دامەزراوەکان گرنگترو کاریگەترە لە ژیانی تاکدا، ئەمیل دۆرکایم (١٨٥٨-١٩١٧) یەکەمین کۆمەڵناسە زاراوەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (Socialization)بەکارهێنا (عمر،١٩٩٤: ٢٠). پێوایە پرۆسەی پێگەیاندنی خێزانی پرۆسەیەکی ئامانجدارە کەهەر لە سەرەتای ژیانی تاکەوە دەست پێدەکات هەتا پیربوون و مردنی، ئەم ئامانجەش بە گوێرەی قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ دەگۆڕێت ، ئەگەر لە منداڵی ئامانجی ئەم پرۆسەیە تێرکردنی پێداویستییە بایلۆژییەکانی بێت لە قۆناغی هەرزەکاری دەگۆڕێت بۆ دروستکردنی جۆرێك لە ئارامی و هاوسەنگی و جێگیری دەرونی و کۆمەڵایەتی تاك لە ڕێگای کۆنترۆڵکردنی هۆکارو فاکتەرەکانی بۆ گونجاندنی تاك لەگەڵ چواردەورە کۆمەڵایەتییەکەی، لە قۆناغی پێگەیشتن و لاوی دەگۆڕێت بۆ یارمەتیدانی تاك لە چۆنیەتی هەستکردن بە لێپرسراویەتییەکانی، لە قۆناغی پیریش تاك ئامادە دەکات بۆ چۆنیەتی ماڵئاوایی کردن لە ژیان (الكندری،٢٠٠٣: ٣٠) .

پەروەردەش یەکێکە لە ئامرازەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵ و خێزان و تاك، واتا پەروەردە توانای گۆڕین و ئاڕاستەکردنی تاکی هەیە بۆ ناو کۆمەڵ، پەروەردەی جوان و باش، خێزانی باش و کۆمەڵگەی پێشکەوتو دروستدەکات وە بەپێچەوانەشەوە(خليل، ١٦، ٢٠٠٠). ڕۆڵی پەروەردە لە هۆشیارکردنەوەی خێزان زۆر گرنگ و جێی بایەخە، پەروەردە دەتوانێ گۆڕانکاری گەورە لە کۆمەڵدا بکات،

Original Article |**DOI**: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp252-264

چ لە گۆڕینی کەلتور و تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی بێت، چ لەڕوی زانستییەوە بێت لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتو بۆ کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتو، پەروەردە ڕۆڵێیکی گرنگی لە کەمکردنەوەی توندوتیژی و دەستەبەری ئارامی و سەلامەتی کۆمەڵایەتی هەیە، لە لایەکی تر فراوانکردنی سنوری بیرکردنەوەی تاك و خێزان و کۆمەڵ، کاتێك ئەمانە ڕویدا دەتوانین بڵێن پەرورده ڕۆڵی سەرەکی خۆی گێڕاوە، ئەو کات خێزان دەبێتە داینەمۆی گۆڕانکای پێشکەوتوخوازانە، توانای داهێنان و پێشکەوتن پەرە دەسێنێت تا ئاستی خۆشگوزەرانی و خۆژیانی (محمد، ٢٠١٢: ٦١).

## ٢-ژینگەی دەرونی وسۆزداری خێزان:

خێزان هەستی خۆشەویستی و سۆزو گرنگیدان و چاودێری و ئارامی و ئاسایش و پاراستن بۆ منداڵەکانی دەرەخسێنێ، کە هاوکارێکی باش بۆ پێگەیشتنی دەرونی منداڵان، بە ئاشکرا دەرکەوتووە کە زۆرێك لەو نەخۆشیە فیزیکیانەی کە دوچاری منداڵان دەبنەوە دەگەڕێنەوە بۆ نەبوونی خۆشەویستی و سۆز و پەیوەندی توندوتۆڵی نێو خێزان، هەروەها ڕادەیەکی زۆری تەواوکاری هەڵچونی سۆزداری پەیوەستە بە ڕادەیەکی پڕکردنەوەی پێویستە هەمەجۆرەکانی منداڵان، تێبینی دەکرێ ئەو تێربوونە دەرونی و سۆزدارییە تەنها منداڵان ناگرێتەوە، ئەمە سەبارەت بە گەورەکانیش جیاوازیەکی وای نییە، گەورەکانیش چێژ و خۆشیەکی زۆر لە کاڵتە و گەپی منداڵەکانیان دەبینن، هەروەها باوانیش پەی بەوەش ببەن کە نازپێدانی زۆریش هەروەکو دڵرەقی و توندوتیژی زیادەڕەوانەیە، هەردووکیان زیان بە دەرونی منداڵ دەگەیێن و دوچاری پشێوی دەرونی دەکەن (ناصر ،١٩٨٨: ٨٧).

دەرونزانان لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ ڕونکردنەوەی پەیوەندی نێوان بێبەشبوونی خۆشەویستی و نەخۆشی دەرونی هەیە ، فرۆید لەو بڕوایەدایە بێبەشبوونی منداڵ لە پێداویستییە سەرەکیەکان وەك و خواردن و خۆشەویستی لەبەر هەر هۆیەك بێت بۆ نمونە (مردنی دایك یان باوك یان جیابونەوەیان) ڕێگای توشبوون بە چەندەها کێشەی دەرونی جیاواز خۆش بکات، بەڵام لای ئەریك ئەرکسۆن و بەپێی ئەو هەشت قۆناغەی کە پێشنیازی کردووە بۆ گەشەی دەرونی، کاتێك منداڵ لە سەرەتای ژیانیدا، واتە لە ساڵی یەکەمدا، لە دایك و باوك و خۆشەویستییان بێبەش دەبێت ئەوا ئەو منداڵە ناتوانێت متمانە دروست بکات(ئیسماعیل، ٢٠٢٣: ٦٣).

دەرونزانانی قوتابخانەی ڕەفتارگەرایی، بۆ نمونە بارۆس سکینەر، لەو بڕوایەدان کە بێبەشبوونی منداڵ لە سۆزو خۆشەویستی دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵ فێری کارامەیی کۆمەڵایەتی پێویست نەبێت بۆ وەڵامدانەوەی وروژێنەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، ئارۆن بێك کە سەر بە قوتابخانەی مەعریفییە لە دەرونزانی، بڕوایوایە کە بێبەشبوون دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵە بێبەشبووەکە وێنەی(سیکیمای) هەڵەی لا دروست ببێت، ئەم وێنە چەوتانەش ڕێگا خۆش دەکەن بۆ توشبوون بە نەخۆشی دەرونی (ناصر ،١٩٨٨: ٧٧).

هەندێك لە توێژینەوەکان دەریان خستووە کە زۆر لەو منداڵانەی کە لە قۆناغی شیرەخۆری یان سەرەتای منداڵیدا دەخرێنە دامودەزگای بەخێوکردنی منداڵ دوچاری کێشەی لادان و ڕەفتاری و فێربوونی توند دەبنەوە، توێژەران زاراوەی ئەزمونی خراپی قۆناغی منداڵی (Adverse Childhood Experience) بەکار دەهێنن وەك چەترێك بۆ گشت ئەو ڕوداوە ناخۆش و خراپانەی کە منداڵ لە خێزان ڕوبەڕویان دەبێتەوە و کاریگەری خراپی لەسەر ژیانیان لە دوای قۆناغی منداڵیدا هەیە .(Mckay, 2021: 189 )

خێزان مەرجە لەسەر شێوازی چاك و گونجاو پەروەردە بۆ نەوەکانی ئامادەبکات، تاکو بتوانێ تۆوی بەهاو ڕاستیەکان لە دەرونیاندا بچێنێ و گونجاو بێت لە گەڵ ویستو خواستی کۆمەڵگەکەیاندا لە سەر بنەمای زانست و تێگەیشتن، توێشوباریان کات بە ڕۆشنبیرییەك گونجاو بێت لەگەڵ ئەو چەرخەی تیایدا ژیان دەگوزەرێنن، هەروەها دەبێ خێزان سۆزو خۆشەویستی ومیهرەبانی بداتە نەوەکانی، چونکە ئەم خۆراکە دەرونی روحییە هیچی کەمتر نییە لە خۆراکی بەرجەستەیی لە گەشەپێدانی کەسێتییاندا. بۆیە دەبێت خێزان نەوەکان فێرکات چۆن بیردەکەنەوە ، چۆن گوێ دەگرن و چۆن ڕێزدەگرن لە کەسایەتی بەرمبەریان، چۆنیش ڕێز لە هاوڵاتیان دەگرن چ لە خۆیان گەورەترین یان بچوکترین (أبو نجیلة، ٢٠١٣: ٩٩). بۆیە کێشەی پەیوندی نێوان دایك و باوك و منداڵەکان لە هەردوو جۆری خێزانی بچوك و گەورە کاردانەوەی خراپی لەسەر کەسایەتی ئەندامانی خێزان دەبێت ، کە دەبێتە هۆی پەنابردن بۆ تۆڵەکردنەوە لەو ڕەفتارانەی کە پێشو کاریگەریی لەسەر دەرونی هەبووە کە زیاتر ڕەنگدانەوەی ڕوداوەکانی پێشوترە لە ژینگەی خێزان ڕویداوە، کە دەبێتە هۆی تێکچونی شیرازەی خێزان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوانیان.

## ٣-ژینگەی ئابوری خێزان :

ژینگەی ئابوری، بریتییە لە هەموو ئەو زانیاری و کەرەستە و شێوازە پراکتیکییەکانی هەر کۆمەڵگەیەك، بۆ دابینکردنی بژێوی و تێرکردنی پێویستییەکانیان بەکاریان دێنن، لە بەکاربردنی کاڵاو شمەك و کەلوپەل و خۆراك و جۆرەکانیان، لەم پێناوەشدا سێ پرۆسەی زۆر گرنگ دەگرێتەوە، ئەوانش بریتین لە بەرهەمهێنان و چۆنیەتی دابەشکردن و بەکاربردن (عثمان، ٢٠٠٢: ٨٧). خێزانیش گروپێکی کۆمەڵایەتییە بەرپرسە لە فەراهەمکردنی پێداویستییە ماددیە سەرەکیەکانی ئەندامانی خێزان، چەندین توێژینەوە دەریدەخەن کە باری ئابوری خێزان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پێداویستییەکانی فێربوون و فێرکردن هەیە، خێزانێك کە بتوانێت بە شێوەیەکی باش پێداویستییە ماددییەکان بۆ منداڵەکانی دابین بکات، وەك : خۆراك و شوێنی حەوانەوە، گەشتی زانستی، پەرتوك، ئامرازەکانی تەکنەلۆجیایی فێربوون، دەتوانێت لە بنەڕەتدا گەرەنتی بارودۆخی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی باش بۆ ئەندامەکانی فەراهەم بکات (غدنز، ٢٠٠٥: ١٥٤). بە پێچەوانەوە ئەو خێزانەی کە ناتوانێت پێداویستییە سەرکییەکان بۆ ئەندامەکانی دابین بکات ئەوا کاریگەریی لەسەر بە دەستهێنانی دەستکەوتی ئاستی زانستی منداڵەکانی دەبێت، بەمشێوەیە کەمیی ماددی و خواستی منداڵ دەبێتە هۆی هەستکردن بە بێبەشی کردنی منداڵ(وطفة، ٢٠٠٤: ١٤٥). هەندێکجار دەبێتە هۆی پەنا بردن بۆ دزی و ڕق و کینە لە کۆمەڵگا، بۆیە ئاستی ئابوری بە ڕونی ڕۆڵی هەیە، کاتێک هەندێک خێزان پاڵ بە منداڵەکانیانەوە دێنن بۆ ئەوەی لە قۆناغی تەمەنی زو کار بکەن، یان پشت بەو هاوکارییە دەبەستن، ئەمە کاریگەریی زیاتری لەسەر منداڵاندا هەیە کە بەردەوام هەست بە لاوازی دەکات لە چاو کەسانی تر(عثمان، ٢٠٠٢: ٥٦). لەوانەیە هەژاری ئەنجامی نەخۆشیی دەرونی بێت نەك هۆکارێك، واتا پاش ئەوەی کەسێك توشی نەخۆشی دەرونیی دەبێت دەرفەتی کارکردنی کەمتر دەبێتەوە و لە ئەنجامدا توشی هەژاری دێت، توێژینەوەکان ئاماژە بە بوونی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی دوولایی لە نێوان هەژاری و دەرونساغیدا دەکەن ، توشبوون بە نەخۆشیی دەرونی دۆزینەوەی کار

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp252-264

یان بەردەوامبوون لە کاردا کەم دەکاتەوەو ئینجا پارەی دەسکەوت کەم دەبێتەوە، بەهەمان شێوەش، باری ئابوریی خراپ کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر دەرونساغی هەیە(Ridley, 2020:186)

لەم سەردەمی ئێستاو لە ئاکامی پەرەسەندنی ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا، خێزان لە یەکەیەکی بەرهەمهێن بووەتە یەکەیەکی بەکاربەر، کە زۆربەی ئەرکەکانی خێزان کەوتۆتە ئەستۆی دەزگاکانی دەرەوەی خێزان، بەڵام هێشتا خێزان بۆ فێربوونی منداڵەکانی خەرجی زۆری لە ئەستۆیە، وەکو کرێی گواستنەوە و کەرەستە و جلوبەرگی قوتابخانە، سەرەرای بوونی دیاردەی خوێندنی تایبەت کە خەرجیەکانی خێزانی قورستر کردووە( الضبع، ٢٠٠٣: ٤٧).

بەگشتی دەتوانین بڵێین کۆمەڵگە بە هەموو چینە جیاوازەکانیەوە، گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانیان قبوڵ کردووە و بە شێوەیەکی بەرچاویش گرنگی بە پەروەردە دەدرێ، تەنانەت زۆرێك لە منداڵانی خێزان کرێکار و جوتیارەکانیش تاکۆتایی ئاستی خوێندن گرنگی بە پەروەردەو خوێندن دەدەن، چونکە خوێندن لە پاڵ پێدانی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەرکی ئابوری خۆشی دەگرێتە ئەستۆ.

## دووەم : لێبوردەیی کۆمەڵایەتی

لێبوردەیی کۆمەڵایەتی لە تێڕوانینی تیۆری زانا ڕوکیشRokeach (1988-1918)، ئاماژە بەوە دەکات هەر تاکێك هەزارەها بیروباوەڕی پەیوەست بە بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و رامیاری و ئابوری و بیرکردنەوەی زانستی و ئایینی هەیە، ئەم بیروباوەڕانە هەموویان لەلای تاك کۆدەبنەوە، ڕۆکش ناوی ناوە سیستەمی بیروباوەڕ .(wolfer,1967:94) (beliefs system)چەمکی سیستەم لە ژێر رۆشنایی تیۆری ڕوکیش واتا( کۆمەڵێك پەیوەندی ڕێکخراوە جێگیرە لە نێوان بەشەکان و رەگەزەکانی سیستەم، کاریگەری لەسەر ڕەفتارو کاری ئەم سیستەمە دەبێت، ئەم کاریگەرییەش بە گوێرەی سروشتی پەیوەندیەکانن.(beg,2006:125)

ئەم سیستەمە پێکهاتووە لە بونیادی معریفەی تاك، ئەم بونیادە معریفیەش کاریگەریی لەسەر شێوازی بیرکردنەوەو ڕەفتارو ئاراستەکان دەبێت کە وەسف دەکرێت بەوەی ڕەفتارو شێوازی بیرکردنەوەی تاك عەقڵی کراوەیە(open mind)، بەمەش توانایی لێبوردن و پێکەوەژیان و دروستکردنی پەیوەندی دەبێت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بیروباوەریان لەگەڵیدا جیاوازە، یاخود وەسفکراوە بەوەی شێوازی بیرکردنەوەی تاکی عەقلی داخراوە (closed mind)بە جۆرێك کە بیرۆکە نوێیەکان ڕەتدەکاتەوە هەرچەندە بەڵگەی بەهێزیشی هەبێت، پەیوەستە بە بیروباوەڕە کۆنەکان و دەمارگیرە لەسەر بۆچونەکان هەرچەندە هەڵەش بێت .(rock each,1976:86) لایەنی ڕەفتاری و لایەنی معریفی کۆدەکرێتەوە لە چوارچێوەی سیستەمێکی گشتی دا کە بریتییە لە سیستەمی گشتی بیروباوەڕەکان، ناسراوە بەوەی کارلێك و پەیوەندی ئەرکی نێوان ڕەگەزو بەشەکان ڕێکدەخات و ئەم سیستەمەش تێڕوانینی تاك و زانیاریەکان دەربارەی خۆی کەسانی تر دەداتێ، یەکێکی تر لە ئەرکەکانی ئەم سیستەمە یارمەتی تاك دەدات لە بریاردان، وەهێنانەوەی بەڵگەو گونجان و بەدیهینانی خود و پێکەوە ژیان لەگەڵ کەسانی تردا(خليفة، ٢٠٠٠: ١٤٩).(

ڕوکیش وای دەبینێت لە سیستەمی بیروباوەڕەکاندا (total beliefs system) بە گوێرەی پەیوەندی دوو جەمسەری بوونیان هەیە، کەسانی عەقڵ کراوە لە جەمسەرێك کەسانی عەقڵی داخراو لە جەمسەرێکی ترن، کەسانی عەقڵ کراوەی وەسف کردووە بەوەی نەرمن و ئامادەن ڕاو بۆچوونی نوێ و جیاواز وەربگرێت، وەبەرەو ئاراستەی ئەرێنین وە لێبوردەن بە ڕووی کۆمەڵە دەرەکیەکان و کەمینەکان و کەمترین لایەنی ڕەگەزپەرستییان هەیەو دژی جیاکاری بیروباوەڕن، هەروەها باوەڕیان بە یەکسانی ژن و پیاو هەیەو بیروباوەڕەکانیان دژ بەیەك نیین(عسل،٢٠١٤: ٧٢).

ئەو کەسانەی کە عەقڵیان کراوەیە لێبوردەن دەسەڵات کەمترین کاریگەریی لە سەریان هەیەو کەمترین گومانیان هەیە لە بیرۆکە نوێکان و پەیوەست نین بە بیرکردنەوە باوەکان(تقليدی)، دەمارگیر نین لە گەڵ ئەو تاکانەی کە لە ڕوی بیروباوەڕو کەلتورەوە لەو جیاوازن ئەمەش دەبێتە هۆی کرانەوەی مێشك و ڕزگار بوون لە رق و کینە، داخران و یان کرانەوەی مێشك دوو تایبەتمەندین تاکەکان بە تێپەڕبوونی کات بە هۆی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە دەستی دەهێنن کە تیایدا خێزان و قوتابخانەو کۆمەڵگە بەیەکەوە بەژدارن لە چاندنی تۆی ئەم بیروباوەڕانە، ئەو پەروەردەیەی لە سەر بنەمای لێبوردن بنیاد نراوە، تاکەکانی لەسەر شێوازی بەخشین و وەرگرتن پێدەگێنێت کە کراوەن، بەڵام ئەو پەروەردەیەی کە شێوازی توندوتیژی بە کاردەهێنێت و ڕای خۆی دەسەپێنێ تاکێك پێدەگێنێت کە داخراوی معریفیین، لە نێوان ئەم دوو جەمسەرە دژ بەیەکەدا ڕێژەی کرانەوە و داخراوی جیاواز بوونی هەیە (خليفة، ٢٠٠٠: ١٥٦.(

## توێینەوەی پێشوو:

**یەکەم: توێژینەوەی الحصناوي، سعدعبدالزهرة وعيدی، جاسم محمد(٢٠١٤)،** ناونیشانی توێژینەوەکە (توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لێبوردەیی کۆمەڵایەتی بەپێی ئاستی زیرەکی کەلتوری لە لای خوێندکارانی زانکۆ)، ئامانجی ئەو توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی لێبوردەیی کۆمەڵایەتی و ئاستی زیرەکی خوێندکارانی بە ڕەگەز عەرەب لە زانکۆی سەلاحەددین لە شاری هەولێر، میتۆدی وەسفی شێوازی ڕوپێوی مەیدانی بەکارهێناوە، نمونەی توێژینەوەکەی (٣٠٠) خوێندکاری کوڕو کچ، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لە ڕاپرسی، ئامرازی ئاماری(SPSS) ی بەکارهێناوە، لە ئەنجامدا دەرکەوت، ئەندامانی نمونەکە ئاستی زیرەکی کەلتوری و لێبوردەیی کۆمەڵایەتی بەرزیان هەیە، نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.

**دووەم : توێژینەوەی ابو نجيله، سفيان محمد (٢٠١٥)،**ناونیشانی توێژینەوەکە (ژینگەی خێزان پەیوەندی بە بیرکردنەوەی ڕەوشتی لە لای خوێندکارانی زانکۆ)، ئامانجی ئەو توێژینەوەیە بریتییە لە جێبەجێکردنی گریمانەی تیۆری کولبرج لە سەر خوێندکارانی زانکۆی ئەزهەر لە غەزە، میتۆدی وەسفی بەیەکبەستراو (الارتباطی)بەکارهێناوە، نمونەی توێژینەوەکەی (٤٨٥) خوێندکاری کوڕو کچ، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لە ڕاپرسی، ئامرازی ئاماری(SPSS) ی بەکارهێناوە، لە ئەنجامدا توێژینەوەکە دەرکەوت کە پەیوەندنی نێوان ژینگەی خێزان و بیرکردنەوەی ڕەوشتی پەیوەندیەکی دیاریکراوەو لاوازە.

## سێیەم: ئاماژە و سود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشو

١. توێژینەوەکانی پێشو بەپێی ئامانجی توێژینەوەکانیان گۆڕاوی جۆراوجۆریان لە خۆگرتووە، هەروەك توێژینەوەی (الحصاوی و عيدی،٢٠١٤) گرنگی بە زانینی

لێبوردەیی کۆمەڵایەتی دا، و توێژینەوەی (ابو نجیلە،٢٠١٥) گرنگی بە زانینی ژینگەی خێزانی دا. بەڵام ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ژینگەی خێزانە پەیوەندی بە لێبوردەیی کۆمەڵایەتی.

٢. توێژینەوەکان زانکۆ و ئاست و قۆناغ و بەشی جۆرا وجۆری لە خۆگرتووە، وەکو توێژینەوەی ((الحصاوی و عیدی،٢٠١٤) خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەددینی لە خۆگرتووە، توێژینەوەی (ابو نجیلە،٢٠١٥) خوێندکارانی زانکۆی ئەزهەری لە خۆگرت.

٣. لە ڕوی سامپڵی توێژینەوە، توێژینەوەی ((الحصاوی و عیدی،٢٠١٤) سامپڵی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە (٣٠٠)خوێندکاری زانکۆ، سامپڵی توێژینەوەی (ابو نجیلە،٢٠١٥) بریتی بوو لە(٤٨٥ ) خوێندکاری زانکۆ، بەڵام سامپڵی توێژینەوەکە بریتیبوو لە ( ٣٤٤) خوێندکاری زانکۆ.

٤. لە ڕوی ئامرازی ئاماری، سودمان لە ڕێگاو ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکان لە بەکارهێنانی ڕێگای وەسفی و ئامرازی ئاماری (SPSS) وەرگرتووە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە جگە لە ئامرازی (SPSS) ئامرازی ئاماریی پرۆگرامی (AMOS) بەکارهاتووە.

**لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە:**

**١. میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا توێژەران میتۆدی (وەصفی) یان بەکارهێناوە چونکە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەی دەگونجێت.

**٢. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە سەرجەم خوێندکارانی زانکۆی کۆیە لە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ، پێکهاتووە لە (٤٣٩١)(*) خوێندکار کە دابەش بووینە بەسەر فاکەڵتییەکان بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠٢٣-٢٠٢٢) وەک لە خشتەی ژماری(١)دا ڕونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە(١) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە نیشان دەدات

| فاکەڵتی | نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| پەروەردە | ٦٠٠ | ٦٤١ | ١٢٤١ |
| ئەندازیاری | ٥٢٠ | ٣٣٦ | ٨٥٦ |
| زانست و تەندروستی | ٢٥٥ | ٥٧٨ | ٨٣٣ |
| زانستە کۆمەڵایەتییەکان | ٥١٩ | ٤٢٤ | ٩٤٣ |
| وەرزش | ١٢٢ | ٥٨ | ١٨٠ |
| پزیشکی | ١٦٧ | ١٧١ | ٣٣٨ |
| کۆی گشتی | ٢١٨٣ | ٢٢٠٨ | ٤٣٩١ |

(*) ئاماری خوێندکاران لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگای زانکۆی کۆیە وەرگیراوە.

**٣. نمونەی توێژینەوەکە:**

بۆ هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەکە توێژەر بەشێوازی هەڕەمەکی چینی یەکسان نمونەی توێژینەوەکەی هەڵبژاردکە پێکهات بوو لە (344) خوێندکار، ڕێژەی وەرگیرانی ڕەگەزی نێربریتییە لە (47.7%) خوێندکار و ڕەگەزی مێ (52.3%) خوێندکار، وەکو لە خشتەی ژمارەی (2) هاتووە.

خشتەی (٢) ڕەگەزی خوێندکارانی نمونەی توێژینەوەکە

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 164 | 47.7 |
| مێ | 180 | 52.3 |
| کۆی گشتی | 344 | 100 |


**٤. ئامرازی توێژینەوەکە**

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا هەستاون بە بەکارهێنانی ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی وەرگیراو، دوای گەرانەوە بۆ توێژینەوەکانی پێشو توێژەر بۆ مەبەستی پێوانەکردنی لێبوردەیی کۆمەڵایەتی پێوانەی ( الحصاوی،٢٠١٤ ) ی بەکارهێنا کە (٢١) بڕگە بوو و هەر بڕگەیەک (٥) هەڵبژاردەی هەیە کە بەمشێوەیە بوو:(بە تەواوی من دەگرێتەوە، زۆرجار من دەگرێتەوە، هەندێکجار من دەگرێتەوە، کەمێك من دەگرێتەوە، بە دەگمن من دەگرێتەوە)، بۆ مەبەستی پێوانەکردنی گۆڕاوی ژینگەی خێزان پێوانەی (أبو نجیلة،٢٠١٣)ی بەکارهێنا کە لە( ٣ )ڕەهەند پێکهاتبوو و هەر ڕەهەندێک( ٧ )تا( ٩) بڕگە بوو و هەر بڕگەیەک (٥) هەڵبژاردەی هەیە بەمشێوەیە بوو ( هەمیشە، زۆر جار، هەندێ جار، بەدەگمەن، هەرگیز)، بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە پێوەرەکەمان توانای پێوانە کردنێکی گونجاوی هەیە، تایبەتمەندییە سایکۆسۆسیۆمەترییەکانمان لەسەر پێوەرەکە جێبەجێ کرد کە هەنگاوەکانی بەمشێوەیەی خوارەوە بوون.

**١.٤. شیکردنەوەی هۆکاری(فاکتەری) پشتڕاستکراوە ( conformity factor analysis – CFA):**

Original Article |**DOI**: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp252-264

بە مەبەستی بونیادنانی پێوەرەکانی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای لایەنی تیۆری، توێژینەوەکانی پێشو و ڕای شارەزایان، بڕگەکانی پێوەرەکانمان بەشێوەی سەرەتایی دارشت و بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە هەر بڕگەیەك ئەتوانێت لەڕوی ئامارییەوە بارستای (Load)ی پێویست بخاتە سەر ئەو گۆڕاوەی کە بۆی دانراوە، شیکردنەوەی هۆکاری پشتڕاستکراوە ( conformity factor analysis – CFA) بەکارهێنرا. بڕوانە وێنەی ژمارە(١).




وێنەی (١): شیکردنەوەی هۆکاری پشتڕاستکراوەی (CFI) گۆڕاوەکان نیشاندەدات

بۆ ئەم مەبەستە بڕگەکانمان بە گوێرەی لایەنی تیۆری لە نێو پڕۆگرامی ئامۆس (AMOS) جێگیرکرد و

پێوەرەکانی "گونجاوبوونی فیت" (Goodness- of- Fit) لەسەر مۆدیلەکە جێبەجێکرا، بەمشێوەیە لە پێوەری ژینگەی خێزانی؛ پاش سڕینەوەی بڕگەی (٣) لە ڕەهەندی ڕۆشنبیری و بڕگەی (٢) لە ڕەهەندی ئابوری، هەروەها بڕگەکانی (٣، ٥، ٧، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٦، ١٧) لە پێوەری لێبوردەیی کۆمەڵایەتی، پێوەرەکانمان مەرجەکانی فیتبوونی (Goodness- of- Fit) بەدەستهێنا ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (CFI=0.922)، (RAMSEA= 0.046)، (AGFI=0.870)، (IFI= 0.923) وەکو لە خشتەی (٣) دەردەکەوێت.

خشتەی (٣): نیشاندەرەکانی گونجاوبوونی مۆدێلەکە نیشاندەدات

| نیشاندەر | بەهای داواکراو | بەهای مۆدێل | دۆخی مۆدێل |
|---|---|---|---|
| X2 (Chi square) | P-value> 0.05 | - | - |
| CMIN\DF | <5.0 | 1.730 | زۆرباش |
| GFI (goodness of fit index) | >0.90 | 0.892 | باش |
| CFI (*Comparative Fit Index*) | >0.90 | 0.922 | زۆرباش |
| AGFI (Adjusted Goodness of Fit Index) | >0.80 | 0.870 | زۆر باشە |
| RMSEA (Root Mean Square Error of Approximation) | <0.08 | 0.046 | زۆرباش |
| ***a)*** *NFI (Normed fit index)* | >0.90 | 0.836 | باش |
| RFI (parsimony normed fit index) | >0.90 | 0.816 | باش |
| IFI (Incremental Fit Index) | >0.90 | 0.923 | زۆرباش |
| PNFI (parsimony normed fit index) | >0.5 | 0.747 | زۆرباش |
| PCFI (parsimony comparative fit index) | >0.5 | 0.825 | زۆرباش |

**٢.٤. ڕاستگۆیی و جێگیری پێوەرەکان:**

بە مەبەستی وردی و دڵنیایی زیاتر لە توانای پێوەرەکەمان، ڕاستیەتی و جێگیریمان بۆ پێوەرەکان دەرهێنا کە هەنگاوەکانی بەمشێوەیەی خوارەوە بوو:

**ڕاستگۆیی پێوەرەکان:** بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستیەتی پێوەرەکان دوو جۆرە ڕاستیەتی ڕواڵەتی و بونیادیمان دەرهێنا. ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بۆ پێوەری توێژینەوەکە، خرایە بەردەستی (٥) شارەزای بواری کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی و دەروونناسی و پەروەردە، دوای وەرگرتنەوەو پێداچوونەی دەرکەوت کە بڕگەکانی پێوەرەکە بە ڕێژەی (٩٥٪) دروستن وەگونجاوە بۆ پێوانەی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە.
بە مەبەستی دڵنیایی لە ڕاستیەتی پێوەرەکە، بە سود وەرگرتن لە هاوکۆلکەی پیرسۆن (Pearson)، ڕاستیەتی بونیادیمان (Construct Validity) بۆ پێوەرەکە دەرهێنا کە تێیدا پەیوەستی هەر بڕگەیەك بە کۆی تەوەرەکە ئەژمار کرا. ئەنجامەکان نیشاندەدەن، کە هەموو بڕگەکان پەیوەستێکی بەڵگەداری ئامارییان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەی خۆیان هەبوو، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە

خشتەی (٤) بەهای ئەلفای کرۆنباخی پێوەرەکان نیشاندەدات

| پێوەرەکانی توێژینەوەکە | ڕەهەندی پێوەرەکان | Cronbach's Alpha | ژمارەی بڕگە |
|---|---|---|---|
| پێوەری ژینگەی خێزانی | ڕۆشنبیری | 0.703 | 5 |
| | ئابوری | 0.778 | 6 |
| | سۆزداری | 0.864 | 9 |
| پێوەری لێبوردەیی کۆمەڵایەتی | | 0.733 | 8 |

بە مەبەستی گەیشتنمان بە ئامانجی توێژینەوەکەمان و شیکردنەوەی ئەو زانیاریانەی لە نمونەی توێژینەوەکە دەستمان کەوتووە بە ڕێگای ئاماریی، بۆ

(P-Value<0.05). بەمشێوەیە بەو ئەنجامە گەیشتین کە هەموو ئەو بڕگانەی کە لە پاش شیکردنەوەی هۆکاری پشتڕاستکراوە (CFI) لە پێوەرەکە مانەوە ڕاستیەتی بونیادییان تێدا بوو.

**جێگیری پێوەرەکە:** بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری پێوەرەکان، سودمان لە هاوکۆلکەی ئەلفای کرۆنباخ (Cronbach's Alpha) وەرگرت تاکو لەم ڕێگایەوە چۆنیەکی نێوخۆی بڕگەکان تاوتوێ بکەین. وەکو لە خشتەی ژمارە(٤) دەبینرێت؛ بەهای ئەلفای کرۆنباخ لە پێوەری خێزانی؛ بۆ ڕەهەندی ڕۆشنبیری بریتییە لە (0.703)، ڕەهەندی ئابوری (0.778) و هەروەها ڕەهەندی سۆزداری (0.864)، هەروەها بەهای ئەلفای کرۆنباخی پێوەری لێبوردەیی کۆمەڵایەتی بریتی بوو لە (0.733). بەمشێوەیە دەردەکەوێت کە هەر دوو پێوەرەکە خاوەنی جێگیرییەکی گونجاوە.

**٥. ئامرازە ئامارییەکان:**

ئەم مەبەستەش پشتمان بەبەکارهێنانی بەرنامەی (spss) و (Amos) بەستووە، توێژەر ئەم ئامرازە ئامارییانەی بەکارهێناوە (One sample T-test، independent sample T-test، Correlations).

**خستنە ڕوی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان:**

توێژەران لەم بەشەدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی بەگوێرەی ئامانجەکانی توێژینەوە بەم شێوازانەی خوارەوە دەخاتەڕو :

**یەکەم: پێوانە کردنی ئاستی ژینگەی خێزانی و لێبوردەیی کۆمەڵایەتی لای نمونەی توێژینەوەکە:**

بە مەبەستی پێوانەکردنی ئاستی ژینگەی خێزانی و لێبوردەیی کۆمەڵایەتی لای بەشدارانی نمونەکە، سودمان لە تاقیکردنەوەی (t) بۆ یەك نمونەی سەربەخۆ

Original Article |**DOI**: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp252-264

(One-Sample t-test) وەرگرت, کە تێیدا ناوەندی ژمێرەی توێژینەوەکە بە ناوەندی گریمانەیی بەراورد دەکرا کە ئەنجامەکانی بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

١. لە پێوەری ژینگەیی خێزانیدا، لە هەر سێ ڕەهەندەکەدا ناوەندی ژمێرەیی بەشێوەی بەڵگەدار گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی. ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای (t) خشتەی (1.968) بە نمرەی ئازادی (343)، هەروەها (P-Value=0.000<0.05). بەشێوەیەکی گشتی ژینگەی خێزانی بەشدارانی نمونەکە بەرزترە لە ئاستی ناوەند کە ئەگەر ناوەندی سەنگکراوی ڕەهەندەکان دەربکەین، نزیکدەبێتەوە لە (٤) کە نزیکە لە بژاردەی "لەگەڵیدام".

٢. سەبارەت بە پێوەری لێبوردەیی کۆمەڵایەتی؛ وەکو لە خشتەی (٥) دەردەکەوێت؛ ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (28.56) بە لادانی پێوەری (5.277) کە بەشێوەیەکی بەڵگەدار گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی (24)، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو (16.030) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەی (1.968) بە نمرەی ئازادی (343)، هەروەها (P-Value=0.000<0.05). لێرەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە بەشدارانی نمونەکە زیاتر ئاستی ناوەندی لێبوردەیی کۆمەڵایەتییان تێدایە، بە چەشنێك کە ناوەندی سەنگکراو بریتییە لە (3.57) کە دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی "تارادەیەك لەگەڵیدام" و "لەگەڵیدام".

خشتەی (٥): ئاستی ڕەهەندەکانی ژینگەی خێزانی و لێبوردەی کۆمەڵایەتی لای بەشدارانی نموونەکە نیشان دەدات

| ناونیشانی پێوەر | ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەریی | p-value | بەهای (ت) | | بەڵگەداریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| پێوەری ژینگەی خێزانی | ژینگەی ڕۆشنبیری | 21.119 | 15 | 1.583 | 0.000 | 43.942 | 1.968 | بەڵگەدارە |
| | ژینگەی ئابوری | 24.55 | 18 | 4.568 | 0.000 | 26.58 | 1.968 | بەڵگەدارە |
| | ژینگەی سۆزداری | 36.71 | 27 | 6.532 | 0.000 | 27.561 | 1.968 | بەڵگەدارە |
| پێوەری لێوردەیی کۆمەڵایەتی | | 28.56 | 24 | 5.277 | 0.000 | 16.030 | 1.968 | بەڵگەدارە |

N= 344 Df= 343


**دووەم: کاریگەری ژینگەی خێزانی لەسەر لێبوردەیی کۆمەڵایەتی:**

بەمەبەستی دەستنیشان کردنی کاریگەری ڕەهەندەکانی ژینگەی خێزانی (ڕۆشنبیری، ئابوری و سۆزداری) لەسەر گۆڕاوی شوێنکەوتوو (لێبوردەیی کۆمەڵایەتی) سودمان لە مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی (Structural Equation Modeling –SEM) وەرگرت کە بە پرۆگرامی (AMOS – Analysis Moment Structures) جێبەجێکراوە. مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی شێوازێکی شیکارکردنی چەند گۆڕاوی گشتگیرە لە ڕەچەڵەکی ڕگرسیۆنی چەند گۆڕاوی. بە دەربڕینێکی وردتر پەرەپێدراوی مۆدیلی هێڵییە (Liner) کە دەرفەتی ئەوە بۆ توێژەر دەڕەخسێنێ تاکو هاوکات کۆمەڵێ لە هاوکێشە ڕگرسیونییەکان جێبەجێ بکات (رەزا و ئەحمەد، ٢٠٢٠: ٢٢٧)وە کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان دەست نیشان بکات (Karwan and et. Al, 2023: 6). لەم پەیوەندییەدا دوو مۆدێل تاقیکرایەوە کە بەمشێوەیەی خوارەوە بوون:

لە مۆدیلی یەکەمدا بڕوانە وێنەی ژمارە( ٢) کاریگەریی ژینگەی خێزانی وەکو پاکێجێکی گشتگیر بە هەر سێ ڕەهەندەکەیەوە لەسەر لێبوردەیی کۆمەڵایەتی دەرهێنرا کە وەکو خشتەی ژمارە(٦)دەردەکەوێت، ژینگەی خێزانی بڕی (0.627) لادانی پێوەری کاریگەری بەڵگەداری ئاماریی لەسەر لێبوردەیی کۆمەڵایەتی هەیە (P-Value=0.000<0.05). جۆری ئەم کاریگەرییە ڕاستەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە ژینگەی خێزانی بڕی (0.627) لادانی پێوەری زیادبوون لە لێبوردەیی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات و بە پێچەوانەکەشی ڕاستە، واتە بە کەمبوونەوەی هەر لادانێکی پێوەری لە ئاستی ژینگەی خێزانی بڕی (0.627) لادانی پێوەری کەمبوونەوە لە لێبوردەیی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات.

خشتەی (٦): کاریگەریی ژینگەی خێزانی لەسەر لێبوردەیی کۆمەڵایەتی نیشاندەدات

| کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی شوێنکەوتو | بڕی کاریگەری | P-Value |
|---|---|---|
| ژینگەی خێزانی ---> لێبوردەیی کۆمەڵایەتی | 0.627 | 0.000 |




وێنەی (٢): کاریگەریی ژینگەی خێزانی لەسەر لێبوردەیی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات

بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، مۆدیلەکەمان لە پرۆگرامی (AMOS) بۆ دوو گروپی نێر و مێ دابەشکرد و پاش بارکردنی داتاکان ئەنجامەکانمان تاوتوێ کرد کە وەکو لە خشتەی ژمارە(٧) دەردەکەوێت، هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماریی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا نییە، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (Z-Score=0.738) کە نەگەیشتوەتە ئاستی بەڵگەداری ئاماریی.


خشتەی (٧): ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز نیشاندەدات

| کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر شوێنکەوتو | نێر | | مێ | | z-score |
|---|---|---|---|---|---|
| | بڕی کاریگەری | P | بڕی کاریگەر | P | |
| ژینگەی خێزانی---> لێبوردەیی کۆمەڵایەتی | 0.763 | 0.003 | 0.519 | 0.011 | 0.738 |

Notes: *** p-value < 0.01; ** p-value < 0.05; * p-value < 0.10

لە مۆدیلی دووەمدا کاریگەریی هەر یەك لە ڕەهەندەکانی ژینگەی خێزانی وەکو گۆڕاوێکی سەربەخۆ لەسەر لێبوردەیی کۆمەڵایەتی تاوتوێ کرا بڕوانە وێنەی ژمارە( ٣) و وەکو لە خشتەی ژمارە(٨) دەردەکەوێت.

Original Article |**DOI**: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp252-264




وێنەی (٣): كاریگەریی ڕەهەندەكانی ژینگەی خێزانی لەسەر لێبوردەیی كۆمەڵایەتی

١. ڕەهەنـدەكانی ژینگەی ڕۆشـــنبیری و ژینگەی كۆمەڵایەتی كاریگەرییەكی بەڵگەداری ئاماریان لەسەر لێبوردەیی كۆمەڵایەتی نییە، ئەمە بە سەرنجدان بەوەی كە (P-Value>0.05) لە هەر دوو ڕەهەندەكەدا.

٢. ڕەهەنـدی ئـابوری كاریگەرییەكی بەڵگەداری ئـامـاریی لەســـەر لێبوردەیی كــۆمەڵایەتی نەبـــوو، ئەمەش بە لەبەرچـــاو گـــرتـــنی ئەوەی كە (P-Value=0.223>0.05).

٣. ژینگەی سۆزداری بڕی (0.215) لادانی پێوەری كاریگەریی لەسەر لێبوردەیی كۆمەڵایەتی هەیە، ئەم كاریگەرییەش بەڵگەدارە بە سەرنجدان بەوەی كە (P-Value=0.02<0.05). جۆری ئەم كاریگەرییە ڕاستەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێكی پێوەری لە ڕەهەندی سۆزداری بڕی (0.215) لادانی پێوەری زیادبوون لە لێبوردەیی كۆمەڵایەتی ڕوودەدات و بە پێچەوانەكەشی ڕاستە، واتە بە كەمبوونەوەی هەر لادانێكی پێوەری لە ڕەهەندی سۆزداری بڕی (0.215) لادانی پێوەری كەمبوونەوە لە لێبوردەیی كۆمەڵایەتی ڕوودەدات.

خشتەی (٨): كاریگەریی ڕەهەندەكانی ژینگەی كۆمەڵایەتی لەسەر لێبوردەیی كۆمەڵایەتی نیشاندەدات

| كاریگەریی ڕەهەندەكانی ژینگەی خێزان لەسەر لێبوردەیی كۆمەڵایەتی | بڕی كاریگەری | P-Value |
| --- | --- | --- |
| ژینگەی ڕۆشنبیری ---> لێبوردەیی كۆمەڵایەتی | 0.045 | 0.502 |
| ژینگەی ئابووری ---> لێبوردەیی كۆمەڵایەتی | 0.104 | 0.223 |
| ژینگەی سۆزداریی ---> لێبوردەیی كۆمەڵایەتی | 0.215 | 0.020 |

بۆ تێگەیشـتن لە ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز لەسـەر كاریگەریی هەر یەك لە ڕەهەندەكان (ڕۆشـــنبیری،ئابوری، ســـۆزداری) لەســـەر لێبوردەیی كۆمەڵایەتی، مۆدیلەكەمان لە پرۆگرامی (AMOS) بۆ دوو گرووپی نێر و مێ دابەشـــكرد و پاش باركردنی داتاكان ئەنجامەكانمان تاوتوێ كرد، وەكو لە خشـــتەی ژمارە(٩) دەردەكەوێت، هیچ جیاوازییەكی بەڵگەداری ئاماریی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا نییە، ئەمەش بە لەبەرچـاو گرتنی ئەوەی كە (Z-Score) لە هیچ یەك لە هێڵە ڕێگرسیونییەكاندا نەگەیشـتوەتە ئاستی بەڵگەداری ئاماریی.

Original Article |**DOI**: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp252-264

خشتەی (٩): ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز نیشاندەدات

| كاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر شوێنكەوتو | نێر | | مێ | | z-score |
|---|---|---|---|---|---|
| | بڕی كاریگەری | P | بڕی كاریگەر | P | |
| ژینگەی ڕۆشنبیری---> لیبوردەیی كۆمەڵایەتی | 0.113 | 0.324 | 0.069 | 0.358 | 0.317 |
| ژینگەی خێزانی--> - لیبوردەیی كۆمەڵایەتی | 0.312 | 0.209 | -0.006 | 0.943 | 1.210 |
| ژینگەی خێزانی--> - لێبوردەیی كۆمەڵایەتی | 0.060 | 0.761 | 0.250 | 0.041 | 0.813 |

**دەرئەنجامەكانی توێژینەوەكە:**

لەسەر بنەمای ئەنجامەكانی توێژینەوەكە، توێژەران بەچەند دەرئەنجامێك گەیشتون كە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

١. بەشێوەیەكی گشتی ژینگەی خێزانی گونجاو لای كۆمەڵگەی توێژینەوەكە بوونی هەیە و هەروەها لێبوردەیی كۆمەڵایەتی لای بەشـــدارانی نمونەكە بەدی دەكرێت، ئەمەش نیشانی دەدات كە كۆمەڵگای كوردی ژینگەیەكی لەباری بۆ پەروەردەكردنی تاكەكانی كۆمەڵگە هەیە.

٢. ژینگەی خێزانی وەكو پاكێجێك لە ســێ ڕەهەندی ڕۆشـــنبیری، ئابوری و ســـۆزداری پێكهاتووە، كاریگەرییەكی بەڵگەداری ئاماری لەســـەر لێبوردەیی كۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام ڕەهەندەكانی بە شێوەی جیاجیا تەنها ڕەهەندی سۆزداری كاریگەریی بەڵگەداری ئاماریی هەیە، ئەمەش نیشـــاندەدات كە ژینگەی خێزانی گونجاو لەســێ ڕەهەند پێكدێت وەپێویســـتە هاوكات هەر ســێ ڕەهەندەكە (ڕۆشنبیری، ئابوری و سۆزداری)بە شێوەیەكی گونجاو بونیان هەبێت .

٣. لە پەیوەنـدی نێوان ژینگەی خێزانی و لێبوردەیی كۆمەڵایەتیـدا، گۆڕاوی دیموگرافی ڕەگەز جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێرو مێ دا دروســـت نەكرد، ئەمەش دەریدەخات كە ژینگەی خێزانی كاریگەری هاوشـــێوەی لەســـەر هەردوو ڕەگەزدا هەیە.

**ڕاسپاردەو پێشنیازەكان:**

لەژێر ڕۆشـــنـایی دەرئەنجامـەكانی ئەم توێژینەوەیە توێژەران ئەم ڕاســـپاردەو پێشنیازانەی خوارەوەیان خستەڕو:

یەكەم: ڕاسپاردەكانی توێژینەوە:

١. وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، لەڕێگای وۆركشۆپ و كۆنفراسەوە باس لە دۆخی ژینگەی خێزانی خوێندكاران بكەن.

٢. هەموو دامودەزگا فەرمی و نافەرمی لەپرۆســـەی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی بەرپرســـن لە بڵاوكردنەوەی و گەشـــەپێدانی گیانی پێكەوەژیان و ڕێزگرتن و خۆشـــەویســـتی ولێبوردەیی كۆمەڵایـەتی و قبوڵكردنی بیروڕای جیاوازو دو وركەوتنەوە لە ڕق و كینەوە تۆڵەسەندنەوە لە ناو كۆمەڵگەدا، بۆیە گرنگە لە هەموو قۆناغە جیاجیاكاندا كار لەسەر ئەم بابەتە بكرێت.

**دووەم :پێشنیازەكانی توێژینەوە**

١. گرنگیـدانی بـە ژینگـەی خێزان و پەیوەنـدییە كۆمەڵایەتییەكان و دابینكردنی پێداویستییە معنەوی و ماددییەكانی ئەندامەكانی خێزان.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەی تر بە هەمان ناونیشـــان پەیوەندی بە هەندێ گۆڕاوی ترەوە، وەكو ژینگـەی خێزان پـەیوەنـدی بـە زیرەكی كۆمـەڵایـەتی، دڵـەڕاوكێی كۆمەڵایەتی،ڕەوشی پێكەوەژیان.

٣. توێژینـەوەی تر بـە هـامـان ناونیشـــان, بەڵام نمونەی مـامۆســـتایانی زانكۆ وەربگیرێت.

**سەرچاوەكانی توێژینەوەكە**

ااحمد، عباس شریف و رضا، ئاراز حكیم (٢٠٢٠)، توندوتیژی ڕەمزی و پەیوەندی بە كوالیتی فێربوون لای خوێندكارانی زانكۆی كۆیە، كۆنفراسی نێودەوڵەتی، كۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتیدا.

http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen262

بۆكانی، صابر بكر،(٢٠٠٢)، سۆسیۆلۆیایی خێزان، چاپخانەی داناز، سلێمانی.

ئیسماعیل، ئازاد علی(٢٠٢٣)، دەروونساغی، سەنتەری زەهاوی بۆ لێكۆڵینەوەی فیكری، سلێمانی.

الضبع، عبدالرؤوف(٢٠٠٣)، علم الاجتماع العائلی، دار الوفاء لدنیا الطباعة والنشر، الاسكندریة، مصر.

عثمان، أكرم مصباح(٢٠٠٢)، مستوی الأسرة وعلاقته بالسمات الشخصیة والتحصیل للأبناء، دار ابن حزم، لبنان.

العثمان، وسام (٢٠٠٢)، المدخل الی الانثروبولوجیا، الاهالی للطباعة، دمشق.

عسل، كاظمیة محمد غانم(٢٠١٤)، الوعی الاخلاقی وعلاقته بالتسامح الاجتماعی لدی طالبات المرحلة الاعدادیة، رسالة ماجستیر غیر منشورة، جامعة بغداد، كلیة تربیة

ابن رشد، العراق.

عمر، معن خليل(٢٠٠١)، ثنائيات علم الاجتماع، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان.

عمر، معين خليل (١٩٩٤)، علم الاجتماع الاسرة، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان.

غدنز، انتونى(٢٠٠٥)، علم الاجتماعة، ت: د.فايز الصياغ، ط٤، المنظمة العربية للترجمة.

الكندرى، يعقوب يوسف(٢٠٠٣)، الثقافة والصحة والمرض: رؤية جديدة فى الأنثروبولوجيا، المعاصرة، مجلس النشر العلمى، جامعة الكويت، الكويت.

محمد، بن محمود( ٢٠١٢)، علم النفس الاجتماعى، كنوز للنشر والتوزيع، القاهرة.

المزين، محمد(٢٠٠٩)، دور الجامعات الفلسطينية فى تعزيز قيم التسامح لدى طلبتها من وجه نظرهم، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة الازهر ، فلسطين.

ناصر، ابراهيم(١٩٨٨)، علم الاجتماع التربوى، المطابع التعاونية، عمان.

وطفة، على اسعد(٢٠٠٤)، علم الاجتماع المدرسى، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشروالتوزيع، بيروت، لبنان.

الحصناوي، سعد عبد الزهرة و عيدى، جاسم محمد(٢٠١٤)، دراسة مقارنة في التسامح الاجتماعي وفقا لمستويات الذكاء الثقافي لدى طلبة الجامعة، عدد ٦٤ ، https://doi.org/10.35167/muja.v0i64.443، مجلة آداب المستنصرية.

خليفة، عبداللطيف محمد(٢٠٠٠)، دراسات فى علم النفس الاجتماعى، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، مصر.

خليل، محمد(٢٠٠٠)، سيكولوجية العلاقات الاسرية، دار قباء للطابعة والنشر والتوزيع، القاهرة.

السيد عبد العاطي(٢٠٠٢)، الأسرة والمجتمع، دار المعرفة الجامعية، مصر.

ابو نجيلة، سفيان محمد(٢٠١٣)، مقياس المناخ الاسرى، مركز البحوث الانسانية والتنمية الاجتماعية، غزة، فلسطين.

ابو نجيلة، سفيان محمد(٢٠١٥)، المناخ الاسرى كما يدركه الابناء و علاقته بالتفكير الاخلاقى فى ضوء نظرية كولبرج لدى طلبة جامعة الازهر بغزة، مجلة معرفة دراسات النفسية (APA)، عدد٢٥، مصر.

Rokeach, M (1960) (ED) The Open and Closed Mind, New York Basic 21. Books, Inc.

Saeed, K.M., Ahmed, A.S., Rahman, Z.M. et al. How social support predicts academic achievement among secondary students with special needs: the mediating role of self-esteem. Middle East Curr Psychiatry 30, 46 (2023). https://doi.org/10.1186/s43045-023-00316-2

Taylor. D. & Galmond. S. (1978): The belief theory of prejudice in on intergroup. Journal of Social Psychology. Vol.(١٠٥) .

Wolfer, J.A., (1967), Change in dogmatism Scores of high and low dogmatisms as a function of instruction, Journal of Psychological Reports, V..(٢٠)

Mckay, M (2021), Childhood trauma and adult mental disorder, Acta psychiatry Scand: 143. Doi:10111/acps.

Ridley, m.w. Rao (2020), Development Economics, https:// economics. mit.edu/files/18694.

Original Article |**DOI**: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp252-264